# (٩٠)ـەمین ئاهەنگی ئۆسکاری ئەم ساڵ جیاواز دەبێت

**سالآنە لە کۆتایی مانگی شوباتدا ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی ئۆسکار ساز دەکرێت لە شانۆی دۆلبی لە هۆلیۆد لە شاری لۆس ئەنجلۆسی سەر بە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکی، ئەمساڵ بە هۆی ئەنجامدانی خولی ئۆلۆمپی یارییە زستانییەکان ئاهەنگەکە بۆ رۆژی ٤ی ئادار دوا دەکەوێت.**

**کەناڵی (ABC)ی ئەمریکی ئاهەنگەکە راستەوخۆ دەگوازێتەوە و بڕیار وایە بۆ ساڵی دووەم لەسەر یەک جیمی کیمیل ئاهەنگەکە پێشکەش بکات، ئەمەش یەکەمجارە لە ماوەی بیست ساڵی رابردووی مێژووی ئۆسکاردا روودات. رۆژی ٥ی مانگی رابردوو دەرگای پاڵاوتن بۆ فیلمەکان کرایەوە و رۆژی ١٢ی هەمان مانگ کۆتایی پێهات. رۆژی ٢٧ی ئەم مانگەش دەنگدانی کۆتایی فیلمە سەرکەوتووەکان کۆتایی پێدێت.**

## پاڵێوراوەکان

*** باشترین فیلم**

فیلمی ( زە شیپ ئۆف ووتەر) کە فیلمێکی خەیاڵییە و لە دەرهێنانی گییر مو دیل تۆرۆیە لە رکابەرێتیدایە لەگەڵ فیلمەکانی (کۆڵ می بای یۆر نیم)و (دارکست ئۆر) و( دانکیرك) و (گێت ئاوت) و (لەیدی بیرد) و (ڤانتۆم سرید) و ( زە پۆست) و (سری بیلبۆردز ئاوتساید ئیبینگ میرۆزی) بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتی باشترین فیلم.

فیلمی (زە شیپ ئۆف ووتەر) دوو خەڵاتی گۆڵدن گلۆبی بە دەستهێنابوو، لەوانە خەڵاتی باشترین دەرهێنەر، هەروەها فیلمی (سری ئاوتساید ئیبینگ میرۆزی) چوار خەڵاتی گۆڵدن گلۆبی بەدەستهێنا بوو لەوانە خەڵاتی باشترین فیلم.

*** باشترین ئەکتەری سەرەکی - پیاو**

لەم بەشەدا هەریەکە لە ئەکتەری لاو تیمۆسی چالامیت بە فیلمی (کۆڵ می بای یۆر نیم) رکابەرێتی دەکات لەگەڵ هەر یەکە لە ئەکتەری خاوەن ئەزمون دانیال دی لویس بە فیلمی (ڤانتۆم سرید) و دانییل کالۆیا بە فیلمی (گێت ئاوت) و گاری ئۆڵدمان بە فیلمی (دارکست ئۆر) و دیزل واشنتن بە فیلمی (رۆمان ج ئیزرائیل).



*** باشترین ئەکتەری سەرەکی - ئافرەت**

لە بەشی ئافرەت رکابەرێتییەکە گەرمە لە نێوان هەر یەکە لە مارگۆ رۆبی بە فیلمی (ئای تۆنی) و سیرشا رۆنان بە فیلمی (لەیدی بیرد) و فرانسیس ماکدرۆماند بە فیلمی (سری بیلبۆرد ئاوتساید ئیبینگ میزۆری) و سال هاوکینز بە فیلمی (زە شیپ ئۆف ووتەر) و خانمە ئەکتەری خاوەن ئەزموون میریل ستریب بە فیلمی (زە پۆست).

*** باشترین ئەکتەری لاوەکی - پیاو**

لە بەشی باشترین ئەکتەر لاوەکی پیاواندا ژمارەیەك ئەکتەر پاڵێوراون لەوانە: ویلیەم دفۆ بە فیلمی (زە فلۆریدا پرۆجێکت) و وودی هاریلسۆن بە فیلمی (سری بیلبۆردز ئیبینج میزۆری) و ریچارد جینگز بە فیلمی (زە شیپ ئۆف ووتەر) و کریستۆڤەر بلۆمر بە فیلمی (ئال زە مانی ئین زە وورلد) و سام رۆکویل بو فیلمی (سری بیلبۆردز ئیبینگ میزۆری).

*** باشترین ئەکتەری لاوەکی - ئافرەت**

پێنج کچە ئەکتەر پاڵێوراون بۆ ئەم خەڵاتە ئەوانیش بریتین لە: ماری جی بلیج بە فیلمی (مۆد بۆند)، ئەلیسۆن جانی بە فیلمی بە فیلمی (ئای تۆنی) و لیلی مانفیل بە فیلمی (ڤانتۆم سرید) و لۆریا میتکالف بە فیلمی (لەیدی بیرد) و ئۆکتاڤیا سپنسەر بە فیلمی (زە شیپ ئۆف زە ووتەر).

*** باشترین دەرهێنەر**

باشترین دەرهێنەر یەکێکە لە خەڵاتە گرنگەکانی ئۆسکار بۆ ئەم خەڵاتەش پێنج دەرهێنەر پاڵێوراون کە ئەمانەن: کریستۆڤەر نۆلان بە فیلمی (دنکیرك) و جۆردن بیل بە فیلمی (گێت ئاوت) و گریتا گارینگ بە فیلمی (لەیدی بیرد) و پاول تۆماس ئەندرسۆن بە فیلمی (ڤانتۆم سرید) و گلیر مۆد دیل تۆر بە فیلمی (زە شیپ ئۆف ووتەر).

*** باشترین فیلمی بیانی**

بۆ یەکەم جار فیلمێکی لوبنانی پاڵێوراوە بۆ خەڵاتی باشترین فیلمی بیانی، ئەویش فیلمی (کەیسی ٢٣)یە، بەڵام بە ناونیشانی (ئیهان) بەشدارە، هەروەها فیلمی (فانتاستیك وومن) کە فیلمێکی چیلییە و فیلمی (لۆفلیس) کە فیلمێکی رووسییە و فیلمی (ئۆن زە بەدی ئەند زە سول) کە فیلمێکی یۆنانییە، لە سویدیش فیلمی (زە سکویر) پاڵێوراوە بۆ باشترین فیلمی بیانی.

*** باشترین گۆرانیی فیلم**

بۆ ئەم خەڵاتەش پێنج گۆرانی پاڵێوراون ئەوانیش ئەمانەن: گۆرانی «Mighty River» لە فیلمی Mudbound و گۆرانی «Mystery of Love» لە فیلمی Call Me by Your Nam و گۆرانی «Remember Me» لە فیلمی Coc و گۆرانی «Stand Up for Something» لە فیلمی Marshal و گۆرانی «This Is Me» لە فیلمی The Greatest Showman.

*** باشترین سیناریۆ**

**بۆ باشترین سیناریۆش ئەمانە پاڵێوراون:**

ئەمیلی گۆردن و کۆمیل نانجیانی لە فیلمی (زە بیگ سیك) و جۆردان بیل لە فیلمی (گێت ئاوت) و جریتا جیروَج لە فیلمی (لەیدی بیرد) و جییرمۆ دیل تۆرر و ڤانیسیا تایلۆر لە فیلمی (زە شیپ ئۆف زە ووتەر) و مارتن ماکدۆنا لە فیلمی (زە بیلبۆرد ئاوت ساید ئیبینج میزۆری).

# شاكیراش بە خۆدزینەوە لە باج تۆمەتبار دەكرێت

ئێستا لە ئیسپانیا نەك تەنیا یاریزان و ڕاهێنەرانی تۆپی پێ ڕووبەڕووی تۆمەتی خۆدزینەوە لە باجدان دەبنەوە، بەڵكو هونەرمەندانیش كەوتوونەتە هەمان گرفتەوە، شاكیرای خانمە گۆرانیبێژی كۆلۆمبی ڕووبەڕووی هەمان تۆمەت بۆتەوە و بەدوای ڕاوێژكارێكی یاسایی بەتواناد دەگەڕێت بۆ ئەوەی ڕزگاری بكات لەو گرفتە.

بەر لە چەند مانگێك ڕۆژنامەكانی ئیسپانیا شاكیرایان بە تۆمەتی شاردنەوەی ملیۆنان دۆلار و یۆرۆ تۆمەتبار كردبوو، ئەم جارەش بە تۆمەتی خۆدزینەوە لە باج تۆمەتباریان كردۆتەوە.

بەپێی ماڵپەڕێكی هونەریی تایبەت بە هەواڵی هونەرمەندان، شاكیرا بڕێكی زۆر پارەی ناردۆتە بانكێك لە وڵاتی ماڵتا ئەمەش دوچاری دەستگیركردنی دەكات، چونكە وەك ماڵپەڕەكە دەڵێت هەوڵیداوە لە ئیسپانیا باج نەدات، هەروەها ماڵپەڕی "THE SUN" یش ئاماژەی بەوە كردووە كە دەسەڵاتدارانی ئیسپانیا دەیانەوێ لێكۆڵینەوە لە سەروەت و سامانی شاكیرادا بكەن لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١١ تا ٢٠١٤.

لەلایەن خۆیەوە شاكیرا دەڵێ: پێویست بوو ئەو باج لەسەر قازانجەكانی بدات، بۆیە دەبێ سەرۆكایەتی داواكاری گشتی دیار بكەن كە ئایا لەگەڵ دەزگای باجی ئیسپانی ڕێكدەكەون و ئەگەر ڕێك كەوتن ئەوا دەست بەرێوشوێنی یاسایی و فەرمی دەكەن.





# كاسرین زیتا جونز دژی پیاوە دەیناسوورەكانە

كاسرین زیتا جۆنزی ئەكتەری هۆڵیۆدی ڕایگەیاند هیوادارم ئەو پیاوە دەیناسوورانە قڕ بن و نەمێنن ئەوانەی كە پۆست و پلەكانی خۆیان بەكاردەهێنن و بە هەموو شێوەیەك دەیانەوێ ئافرەتان لە خشتە بەرن و ئاژەڵ ئاسا وەك كاڵا مامەڵە لەگەڵ ئافرەتان دەكەن.

ئەم لێدوانەی كاسرین دوای ئاشكرابوونی ئابڕوچوونی بەرهەمهێنەری ناسراوی هۆڵیۆد هارڤی واینیستین هات كە بە تۆمەتی بەدڕەوشتی تۆمەتبار كراوە، كاسرین لەم بارەوە زیاتر وتی: هیوادارم كەوتنی واینیستین



# دیبیکا هەرایەکی گەورەی ناوەتەوە

وەك كاردانەوەیەك بۆ نمایشكردنی فیلمێك لە هۆڵەكانی سینەمای هیندستان بە ناوی (بادمافات) كە لە پاڵەوانیەتی دیبیكا بادكۆنە، ژمارەیەك لە هندۆسە توندڕەوەكان هێرشیان كردە سەر چەند ناوچەیەكی گشتی و كەلوپەلی تایبەت و هۆڵەكانی سینەما لە پێنج ویلایەتی هیندستان.

ئەم فیلمە باس لە چیرۆكێكی خۆشەویستیی نێوان شاژنێكی هندۆس و شازادەیەكی موسڵمان دەكات لە سەدەی چواردەیەم، ئەمەش بووە مایەی توڕەبوونی هندۆسەكانی سەر بە تیرەی راجبۆت و داوای قەدەغەكردنی نمایشكردنی فیلمەكەیان كرد و پێیانوایە هەستی كۆمەڵگەی هندۆسی بریندار دەكات و رێزیان لێ ناگرێت، بۆیە وەك كاردانەوەیەك بە چەقو و چەندین جۆرە چەكی دیكە هێرشیان كردە سەر ناوچەیەكی بازرگانی و ئاگریان لە شەقامەكاندا كردەوە و رێگا گشتییەكانیان داخست بەتایبەتی لە هەردوو ویلایەتی راجستان و بیهار.

بۆ رێگەگرتن لە كاری توندوتیژی زیاتر هێزە ئەمنییەكان چەند رێوشوێنێكی ئەمنی توندیان گرتەبەر لە ژمارەیەك لەو ویلایەتانەی كە حزبی بهاراتیا جاناتای توندڕەو تێیدا باڵادەستە لەوانەش ویلایەتەكانی هاریانا و جوجارات و بیهار و راجستان، دوای ئەوەی ژمارەیەك لە ئەندامانی رێكخراوی كارنی سینا كە رێكخراوێكی تیرەی راجبۆتە، هەڕەشەی ئەنجامدانی كاری توندوتیژی زیاتریان كرد

هەر سەبارەت بەم كێشەوە خاوەنی ژمارەیەك لە خانەكانی نمایشی سینەمایی رایانگەیاند كە فیلمەكە نمایش ناكەن لە ترسی ئەو توندوتیژیانەی بە هۆیەوە روویاندا، بەڵام سەرەڕای ئەو هەڕەشانەش نزیكەی (٥٠٠٠) خانەی سینەما لە چەندین ناوچەی جیاجیا هیندستان بەردەوامن لە نمایش كردنی فیلمەكە.

ببێتە وەرچەرخانێك بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ ئافرەتان نەك تەنیا لە هۆڵیۆد، بەڵكو لە قوتابخانە و زانكۆ و گشت كایەكانی ژیان، كاسرین زیاتر وتی: هیوادارم پیاوە دەیناسورەكان لەناو بچن، ئەوانەی پێیانوایە دەتوانن بەم كارانەیان خۆیان لە بەرپرسیاریەتی ئەو رەفتارە ناشیرینانەیان بدزنەوە.

كاسرین كە لە نوێترین فیلمیدا رۆڵی بازرگانی ناسراوی ماددە هۆشبەرەكان گریسلیدا بلانكۆ كە بە رەچەڵەك كۆلۆمبییە لە فیلمێكی تەلەفزیۆنیدا دەبینێت وتی: ئەو كەسایەتییە مامەڵەیەكی راستەوخۆ لەگەڵ پیاوان دەكات و زیاتر لایەنگری ئافرەتانە بۆیە هەر نادادپەروەرییەك لەلایەن پیاو بەرامبەر بە ئافرەت ببینێت راستەوخۆ تاوانبار دەكوژێت، هەرچەندە من حەز بەم بەراوردییە ناكەم، بەڵام تا ئێستاش یەكسانی لە كاركردن لە نێوان ئافرەت و پیاوان نابینم.

دەبارەی بوونی نایەكسانی و نادادپەروەریش كاسرین وتی: ئەم گرفتە تەنیا لە سینەما و تەلەفزیۆن و شانۆدا نییە، بەڵكو بەربڵاوە، رەخنە لە ئافرەتان دەگرن ئەگەر هیوا و ئاواتیان هەبێت، بەڵام پیاوان رووبەڕووی ئەم جۆرە مامەڵەیە نابنەوە، بۆیە پێویستە ئاواتەكانمان نەشارینەوە و شانازیشیان پێوە بكەین.

# شانۆی کوردی لە چ دۆخێکدایە؟

**شانۆ پەیوەندی بە پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە هەیە، شانۆ یەکێکە لە هونەرە گرنگەکان لە ناو دەریای پان و بەرینی هونەردا، ئەوەی سینەما و تەلەفزیۆن پێی ناکرێت، دەکرێ لە ڕێگەی هونەری شانۆوە بیکەیت، ئەو هونەرە لە بنەڕەتدا ئەرکی ئەوەیە، بە ڕێگەیەکی جیاواز پەیامەکانی پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکات، لە ساڵانی ڕابردوودا سەرەڕای ئەوەی بە سەدان نمایشی شانۆیی پێشکەش کران و بە دەیان فیستیڤاڵی لۆکاڵی و نێودەوڵەتی ساز کران، بەڵام شانۆ نەگەیشتە ئەو ئاستەی کە شانۆکاران دەیخوازن، لەم ڕاپۆرتەدا بەشێک لە شانۆکارانی کورد باس لە ڕەوشی شانۆی کوردی دەکەن.**

شانۆ پەیوەندی بە پێشکەوتنی کۆمەڵگەوە هەیە، شانۆ یەکێکە لە هونەرە گرنگەکان لە ناو دەریای پان و بەرینی هونەردا، ئەوەی سینەما و تەلەفزیۆن پێی ناکرێت، دەکرێ لە ڕێگەی هونەری شانۆوە بیکەیت، ئەو هونەرە لە بنەڕەتدا ئەرکی ئەوەیە، بە ڕێگەیەکی جیاواز پەیامەکانی پێشکەش بە مرۆڤایەتی بکات، لە ساڵانی ڕابردوودا سەرەڕای ئەوەی بە سەدان نمایشی شانۆیی پێشکەش کران و بە دەیان فیستیڤاڵی لۆکاڵی و نێودەوڵەتی ساز کران، بەڵام شانۆ نەگەیشتە ئەو ئاستەی کە شانۆکاران دەیخوازن، لەم ڕاپۆرتەدا بەشێك لە شانۆکارانی کورد باس لە ڕەوشی شانۆی کوردی دەکەن.

سەرەتا شانۆکاری بەئەزموون (ئەحمەد سالار) دەڵێت: شانۆی کوردی پەیوەستە بە بارە گشتییەکەی کوردەوە، ئەمیش جیاواز نییە، چ هەڵبەز و دابەزێك لەوێدا بکرێ، لەوێشدا دەردەکەوێ، هەر قەیرانێك هەبێت، جا (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری ) بێت، بە پلە یەك لە شانۆدا دەردەکەوێ، هەر شتێکیش لۆجیکی نەگونجێ لە هونەردا لە شانۆ دەردەکەوێ. هیوامان هەیە شانۆی کوردی بەرەو باشی بڕوات، بەڵام هێشتا لە ئاستی ئەو خەونانەی ئێمە نییە، هەست بە دابەش بوونێك دەکەم، زۆر جار هەست دەکەم کۆمەڵێك کەس دێنە بوارەکەوە، لە کۆبوونەوەو کۆڕەکاندا دەڵێن ئێمە شانۆمان نییە !. ئەمانە وەك ئەو کەسانەن کە دەیانگوت کورد نەتەوە نییە بینەریش لە هەندێك شوێن و لە هەندێك بابەتدا هەیە و لە هەندێکیش نییە، ئەمەش پەیوەستە بە بەرهەمەکەوە. لەو وڵاتەدا پرۆگرام و شتێکی دارێژراو نییە، بۆ پەرەپێدانی شانۆ و بینەری شانۆ، وە بۆ هاندانی دەقی شانۆیی، زۆر دەقی شانۆیی هەیە، لە زنجیرەی چاپکراوە جیهانییەکان چاپکراوە، بەڵام کورد گۆتەنی پولێك ناهێنێت، بۆیە پێویستە شانۆ لە سەرەتاییەوە دەستپێبکرێتەوە، پەروەردەکردنی لە منداڵ و ئەکتەر و بینەرەوە، لەوێوە دەست پێبکرێ، هەروەها لە قوتابخانەکاندا وانەی شانۆ کە بەشێکی گرینگی هونەرە بخوێندرێت.

(هیوا سوعاد) دەرهێنەری شانۆ و بەڕێوەبەری هونەری شانۆ دەڵێت: ئەگەر سەرنج بدەینە نمایشەکانی شانۆی کوردی، ئامادەبوونی جەماوەری شانۆ جیاوازی هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکاری سەرەکی، یەکەمیان: شانۆگەرییەکە یان ریکلامێکی باشی بۆ نەکراوە، دووەمیان: خەڵکەکە دەزانن ئەو دەرهێنەرە یان ئەو ستافەی کارەکە دەکەن لەو ئاستەدا نین، تا بڕۆن ئەوانیش کاتی خۆیانی بۆ تەرخان بکەن. من زۆر جار باس دەکەم، کاتێ مامۆستا لە پۆلدا وانەیەك دەڵێتەوە، ئەگەر چێژ بەخش نەبێت، ئەوا قوتابییەکان خەیاڵیان دەڕوا چێژ و سوود لە دەرسەکە وەرناگرن، هەمان شتیش سەبارەت بە شانۆ هەیە، چونکە هونەرمەند هەمان ڕۆڵی مامۆستا دەگێڕێ، پەیامی هەیە پێشکەش بە بینەری دەکات، ئەگەر ئەو پەیامە چێژ بەخش نەبێت، ئەو بینەرەی دانیشتووە توشی بێزاری دەبێت، بۆیە من پێم باشە هونەرمەندانی کورد ڕوو لەو کارانە بکەن کە زیاتر گوزارشت لە ناخی مرۆڤ بکات و ئازارو مەینەتیەکان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و کێشە هەنووکەییەکان بکات، و خودان پەیامێکە، چێژ بەخشیش بێت .یەك لە تایبەتمەندییەکانی دەرهێنەری باش ئەوەیە، بزانێ چ کارێك پێشکەش دەکات، لە چ کاتێك و لە چ شوێنکدا، بۆیە دەرهێنەری چاك و زیرەك و بەسەلیقە ئەوەیە ئەو تایبەت



مەندیانەی باسم کرد جێ بەجێی بکات.

شانۆکار (یوسف عوسمان)یش گوتی: من بەبیرم دێ هۆلەکان دەرگایان دەشکاو دەرگیان دادەخرا، بە جۆرێك نەیان دەهێشت خەڵکیش بچێتە ژووریٚ، لە ئێستا دا ئەو بینەرەمان نیە، بەڵام لە لایەکیتر مانای ئەوە نیە لەو سەردەمە باشتر نەبووبێ و بەرەو پێش نەچووبێ، چونکە ئەمە دوو جەمسەری زۆر لە یەك جیاوازە، من بینەرم لە دەست داوە، بەڵام هونەری شانۆ پێشکەوتووتر بووە، دیارە کۆمەڵێك هۆکار هەیە، یەك لەو شتانەی تا ئێستا نەمانتوانیوە بیکەین بە کەلتوورێك، مانگانە شانۆگەریەك پێشکەش بکەین، لەساڵێکدا هەموو نمایشەکان دەکەوێتە نێوان دوو مانگ، شانۆ پێویستی بە بوونێکی بەردەوام هەیە، گوتیشی: چۆن دەکرێ جاروایە بە دوو مانگ و سێ مانگ شانۆگەریەك نمایش ناکرێ، شارێکی وەکو هەولێر کە پایتەختە، شاری سلێمانی کە پایتەختی رۆشنبیریە، ناکرێ ئێواران بە بێ شانۆ بێت، ئەبێ هەموو ئێوارەیەك شانۆگەری هەبێت، کە ئەوە هەبوو تۆ دەتوانی بینەر راکێشیتەوە، کێشەکە ئەوەیە ئێمە بە پچڕ پچڕی ئیش دەکەین، ئیشەکانیشمان بە پچڕپچڕە نایگەیننە سەر، لە هەندێ شانۆ بینەرمان هەیە، هەندێك شانۆگەری هەبووە سێ رۆژ یان دە رۆژ یان پانزە رۆژ نمایش کراوە، شار بە شاریش جیاوازی هەیە.

دەرهێنەر و شانۆکار (ماجد شکاك) دەڵێت: من یەك لەو کەسانەم لەسەردەمی زێرین لەسەر تەختەی شانۆ کارم کردووە، تەنانەت ئەوکات ئەو تەکنیکانەمان نەبوو کە ئێستا هەمانە، بەڵام هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جەماوەر زیاتر روویان لە شانۆ دەکرد، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو کات تەکنەلۆژیا هەر نەبوو، تەلەفزیۆن، بۆیە بینەر لە شانۆ تۆراوە و پێویستی بە ئەکتەر نەمایە لەسەر تەختی شانۆ تەماشای بکات. دەرهێنەر ئەو دەقە هەڵنابژێرێ لەگەڵ ژیاری کۆمەڵگە بگونجێ، ئەوکاتی دەرهێنەر زۆر زیرەکانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەق دەکرد، دەقێکی هەڵدەبژارد بەرگریی تێدا بوو، کە ئەوکات خەڵك تامەزرۆی دەربرینی وشەی کورد بوو، تامەزرۆی کەسێك بوو باسی کوردایەتی بۆ بکات، ئەوکاتی من لەبیرمە کە شانۆیەکمان پێشکەش دەکرد، هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگە دەهاتن سەیری نمایشەکەیان دەکرد، ئێستا ئەو بینەرانە لەوە تۆرانە، لەو چەند ساڵەی رابردوو دەهاتنە دیار شانۆ لە دەقەکە نەدەگەیشتن، ئەمەش وایکرد نەگەڕێنەوە بۆ هۆڵەکان.

دەرهێنەر (محەمەد جەمیل)یش گوتی: بینەر حەزدەکا بێ شتێك ببینێ و شتێك بێت، حەزدەکا پەیامێکی پێ بگەینی، خودی شانۆکار نەیزانی بینەری کوردی چی دەوێ،بە دوای ئەو دەقانە کەوت کە ناوەڕۆکەکەی لە کۆمەڵگەی کوردی دوور بوو، نەیتوانی خوێندنەوە بکات بۆ ئەمڕۆی زەمەنی کوردی، بۆ شەقامی کوردی، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی بینەر دوور کەوێتەوە، ئەگەرنا بینەر ماوە، بۆ نموونە: پار ساڵ هەندێك شانۆگەری نمایش کرا هۆلەکانی پڕ بینەر بوون، بەڵام گەلێك دەرهێنەر ئیشیان کرد ژمارەی کارەکتەرەکان زیاتر بوون لە ژمارەی بینەرەکان، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە دەرهێنەر نازانی دەق هەڵبژێرێ، نازانی ئەو بینەرەی هاتیە چی دەوێ، وە بینەر حەز بە چ دەکات.